# تاوانبار

فواد قاموسی - سقز

له قوڵه زامێکی نوتکدا
جارێکیان
دەستم بۆ پەنجێره راکێشا و
له پڕێکدا هەر هەموو بوەکان
چاویان لێم زاقۆ کردەوه و
خاچەکان دەستمیان ئاور دا و
دەنگێک له ئاسمانەوه
بانگی کردم
دەنگێکی نەرم و نیان
بەڵام
دەڵێی هەر هەناسەیەکی
قاتڵی هەزاران هەزار
گوڵ و زەردەخەنه بوو
گوتی: دەبێ
بێی بۆ دیوەخانی قازی
هیچ پەرتووکێکیش مەهێنه
که قەڵەم و ووشه
خۆیان گوناح کارن
له مەحکەمه
من تاوانبار و
هاوڕێم تاوانبار
تۆ قازی و
ئەوان دانیشتووی دادگا
من به تاوانی مرۆڤ بوون
به شەیدایی مەحکوم کرام و
هاوڕێم به تاوانی
شەم به دەس بوون
به تەنیایی

ئەوان
به پێکەنینێکی نەحسی دزێو
یارمەتی تۆیان دا و
تۆ گوتت: شەیدایی یانی
حەسرەت
هەم زیندوو بی و هەم مردوو
ئازار، ناهومێدی
شەیدایی یانی
پەنجێرە بێ بە زەنجیر و ئاوات ببێ بە
رەشە بەردێکی زەلام
لە سەر دڵت
موو بە موو شرۆڤەت کرد
شەیدایی یانی
چیا و تەنیایی و گریان و
ئەوان هەر پێکەنین و
هیچیان
دەنگی تۆیان نەبیست
تۆ هەموویانت
بە بزەی چاو
پێم دەگوت
ئەوان هەر پێکەنین و
تۆیش دیسان بە چاوت
قسەت بۆ دەکردم و
ئەوان هەر پێکەنین